## چالاكیەكانی كۆمیتەی كەركوك

- رۆژی 2004/5/23 كۆمیتـەی كـەركوك هەسـتا بـە ریكخـستنی دیـواریكی ئـازاد لـە مەیـدانی كرێكارنی خانوبەرە لە گەرەگی شۆرجە. كە تیایدا میز كتاب دانراو هەردوو رۆژنامـەی الـشیوعیە العمالیەو ئۆكتۆبەر بـە ژمارەیـەكی زۆر بلاوبونـەوەو هـەروەها بـەیانی كۆمیتـە لـە پەیوەنـد بـە تەقینەوەی بۆمبیك لـە بـازاری حەسیرەكە بلاوكرایـەوەو زیـاتر لـە 300 ئیمـزا كۆكرایـەوە لـە پەیوەند بە دادگایكردن و جۆری دادگایكردنی دیكتاتۆری عیراق صدام حسین وسـەرانی بەعـسەوە. هەروەها 3 لافتە هەلواسرا كە تیادا نوسرابوو " پیویستە صدام حسین وەك پالەوانی بزوتنەوەی ناسیونالیزمی عەرەب داداگایی بكریت" و " پیویستە صدام حسین لە داداگایەكی نیونەتـەوەیی و ئاشكرادا دادگاییەكی عادلانە بكریت" " دادگایی كردنـی صـدام حـسین دادگـایكردنی سیاسـەت و بەرنامەو فەرهەنگی ناسیونالیزمی عەرەبە"... لەم چاكیەدا كەزیاتر لـە 400 كـەس بەشـیوەی جۆراوجۆر بەشداری تیداكرد، و بەگـشتی 200 كـەس ئامـادەیی بەشیوەیەكی جیگیر ئامـادەبون تیـایدا سمیرنوری ئەندامی كۆمیەتی كەركوك لـە پەیوەنـد بـە سـەندی حزبـەوە لـە پیەوەنـد بـە داداگییكردن صدام وسەرانی بەعسەوە وتەیەكی پیشكەش ئامادەبوان كرد، كە تیـادا ئـاماژەی بـە سیاسەت و بیرو فەرهـەنگی ناسیونلیزمی عـەرەب و كـردوە دژی ئینـسانیەكانی نیزامەكـەی كـرد، هەروەها ئازاد مەجید جیگـری سكرتیری كۆیتـەی كـەركوك لـە پەیوەنـد بـە هەلومـەرجی ژیـانی ئاوارەكانی كـەركوك و ریگـای چـارەی ئینـسانی بـۆ كۆتـایی هینـان بـەو هەلومەرجـە نالـەبارەی گیرۆدەی بوون وتەیەكی پیشكەشكرد...
- لە رۆژی 5/25دا كۆمیتەی كەركوك دیواریكی ئازادی ریكخـست لـە گـەرەگی حریـە " ئـازادی" كـە تیایدا هەمان لافتەكانی پیشوو بەرزكرانەوەو هەروەها رۆژنامەكانی حزب و بـەیانی كۆمیتـە لـە پەیوەند بە ماری تیروریستی هاوان باراندن بۆ سەر گەرەكی شۆرجە " رەشید ئـاوا" بلاوكـردەوەو، هەروەها ئیمزا لە پەیوەند بە دادگایگردنی صدام و سەرانی بەعـسەوە كۆكرایـەوە. سمـیر نـوری و ئـازاد مەجیـد هەریەكـەیان وتەیـەكیان پیـشكەش كـرد, لـەمبارەوە ئـازاد مەجیـد سـەرنجی ئامـادەبوانی راكیـشا بـۆ حكومـەتی كـاتی عیراقـی بۆچـوی حزبـی كۆمۆنیـستی كریكـاری عـیراق لەمبارەیەوە، كە بەشیوەیەكی رۆشن نیشانیدا، كە حكومەتی كاتی پیویستە حكومەتیك بیت كـە راستەوخۆ نوینەرایەتی خەلك بكـات، حكومـەتیك بیت ئەمنیـەت ونـان بـۆ خـەلك دایـن بكـات، حكومەتیكی ئاواش، حكومتیكی غەیرە دینی و غیـەرە قـەومی دەبیـت، شـایانی باسـە لەهـەردوو چالاكیەكەدا ژمارەیەكی زۆر لە ئەندامانی كۆمیتەو ئەندامانی حزب و سكرتیری كۆمیتەی كەركوك رەمەزان صابر ئامادەبوون.

سامان كەریم كۆمیتەی كەركوك

5/25